ڕێکخراوە خوێندکاریەکان و ئەرکی لەپێشنەیان

ڕەزوان عەبدولڕەحمان*

توێژی خوێنکار یەکێکە لەتوێژە گرنگەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆو لەڕۆژگارەکانی ڕابردووشدا. بەوپێیەی مرۆڤی خوێندەوار و ئەوانەی لە هەوڵی فێربوونی زانستو زانیاریدان، بەدید و عەقڵیەتێکی جیاواز و باڵا لە دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگا دەڕوانن.

هەرلەوکاتەی کەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی هەڵگرت بەرەوقۆناغی دنیای مەعریفە و دوورکەوتنەوە لەجیهانی جەهالەت و نەزانین، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆڵی چینیخوێندەوار و خوێندکار بۆهەمیشە سەرمەشق و ئامادەگی هەبووە و دەستی باڵا بووە لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە ڕوی سیاسی و فەرهەنگیو ڕۆشنفکری و ئابوری ...هتد.

ئەگەرئێمەکەمێك بەمێژوی نزیکی بزوتنەوەی خوێندکاریدا بچینو خوێندنەوەیەکی ئەخلاقی بۆ بکەین، چەند ڕاستیەکمان بۆدەردەکەوێت کەبەڕاستی و بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵقولاوی نەك بزووتنەوەی خوێندکاری، بەڵکو وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەهاتە ئاراوە و کۆڕی خەباتیان جۆشئەدا، بۆنموونە لەووڵاتی فەرەنسا بزوتنەوەیەکی هەرە بەهێزو چالاکو چاونەترس سەری هەڵدا بەناوی (شۆڕشی خوێندکاران)ەوە، ئەمە لەکاتێکدا لە جیهانشدا ناوی دەرکرد و هەندێ لە بیرمەند و فەیلەسووفەکان و سیاسەتمەداران هەبوون دەیانویست ئەوبزووتنەوەیە بکەنە سەرەتایی وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی لەئەورووپا پۆلێن بکەن بەدرێژایی مێژوودا، کەپێیان وابوو بزووتنەوەی کرێکاران پاشەکشەی کردووە و لەم مێژووەوە خوێندکاران دەتوانن پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و گۆڕانکاری بن لەدنیادا.

جگەلەمەش خوێندکارانی چین بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و وەکو شۆڕشێکی ڕۆشنبیری هاتنەمەیدان و بەشێوەیەکی خۆڕسکی ورووژاو بڕیارەکانی (ماوتسی تۆنگ) یان جێ بەجێکرد، وەڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لە ئەوپشێویەی لەچیندا بەناوی شۆڕشی ڕۆشنبیری خولقا.

جگەلەمەش لەدنیادا خوێندکاران بەشداری سەدان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتیان کردووە وەکو ئەو خۆپیشاندانانەی دژی جەنگ کراوە بەتایبەتی جەنگی ڤێتنام و جەزائیر...هتد.

بەڵام کاتێ دێینە سەرکوردستان لە ڕابردوودا و بەتایبەتی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، توێژی خوێندکار گەلێك جۆر خەباتیان گرتۆتەبەر کەبەپێی واقیع یان زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی گونجاو تەندروست بێت.

بێئەوەی باکگراوندێکی تاکڕەوی هەبێ، نابێت ڕۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لەیادبکەین لە ئەورووپادا لە شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردلەسەدەی ڕابردوودا.

بەڵام ئەوەی جێگای داخەلەڕاپەڕینی(١٩٩١)بەدواوە هەندێك لەڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و دیموکراتیەکان لەئەرکی ئەخلاقی ڕێکخراوەیی خۆیان لایاندا و بزووتنەوەوەی خوێندکاری یاڕێکخراوی خوێندکاری بەدەر نەبوو لەم دەرچوونە، ئەویش چ بەبارگاوی بوونی ئایدۆلۆژی یان ئینتمای سیاسی و حیزبی بێت بیریان کردۆتەوە و یان نەیان توانیبێ وێژەییانە پەیرەوپرۆگرامی خۆیان جێبەجێبکەن.

هەندێ ڕێکخراوی خوێندکاریش لەدوای ڕاپەڕینەوە دامەزراون من ئەو حەقە بەخۆم ئەدەم کە بڵێم بەشێکیان ڕێکخراوی ناتەندروستو ناڕەسەنن.

ئەگەرهەندێ ڕێکخراو زەرورەتی مێژوویی دروستی کردبێت .

بەڵام ببینە هەندێ ڕێکخراو چەند ساڵێکە دامەزراوە ئەمەدەلیلی چیە؟ دەلیلی ئەوەیە ئەو حزبە سیاسیە ئەیەوێت لەڕێگای ئەوکەناڵەوە بێتە ناو جەماوەرەوخەڵکی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ڕاستیشە حزب زادەی کۆمەڵگایە و بەشێکە لەکۆمەڵگا، بەڵام پێویستە ڕێکخراوەکان لەکارو بیرکردنەوەیاندا لەمەسەلە هەنووکەییەکانی تایبەت بەخوێندکار و فەلسەفەی خوێندن سەربەخۆبن!!؟

پێویستە ڕێکخراوە خوێندکاریەکان پێش ئەوەی بۆئامانجی سیاسی کاربکەن و کاربکەن لەپێناوی بەسیاسیکردنی ناوەندەکانی خوێندن و عەقڵی تاکی خوێنکار تیرۆربکەن و لەخشتەی دەرکەن، پێش ئەوەی خوێندکاربکەنە داردەستی خۆیان بۆمەرامی نائەخلاقی خۆیان بەکاری بهێنن، پێش ئەوەی بیربکەنەوەچۆن خوێندکارانە نەیاری خۆیان بکەنە ئامانجی خۆیان تاکێشە و دووچاری هەڵدێری بکەن و ئەرکی ئەخلاقی لەپێشینەی ئەوان دروستکردنی فەزایەکی خۆشەویستی و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خوێنکار و مامۆستایە.

خزاندنی خوێندکارە بۆناو فەزای ئازادی و یەکتر قبوڵکردن و ڕەگەزی دایەلۆگ و ڕەخنەگرتن، پێویستە ئەوان بیربکەنەوە و فەلسەفەی ئابوری و سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا و زانستە بەلۆجیکی تازەکردن بکەن، قسە لەسەرتاك و تاك ڕەهەندی لۆجیکی تازەبکەن. نەك پێچەوانەکەی، چونکە پێویستە باش تێبگەن تازەگەری و پێشکەوتن بەئەوان ڕێگای لێ ناگیرێ ناتوانن ڕەگەزی پێشکەوتن ڤایرۆساوی بکەن، تێکۆشان هەرگیزناوەستێ، بەڵکو خواست و خولیای خەڵك لەزیاد بووندایە، بەردەوام ئەوەی ئەیهێنێتەدی هێشتا ماوەبەدی بهێنێ.

*خوێندکاری ئامادەیی هەڵۆی تێکەڵ

چەمچەماڵی بوون یا حزبی بوون

ئارام شوانی

چەند ڕۆژێك بەرلەئێستا، مەسەلەی کردنەوەی چەند کۆلێژێك یاخود زانکۆیەك لەم شارەدا هەوڵی بۆدرا، ئەویش" لەڕێی ڕێکخستنی ڕێپێوانێکی هێمنانەوە" وەکو خۆیان باسیان دەکرد بۆبەردەم لێپرسراوانی حزبیو حکومی لێرە.

دیارە هەرهەوڵێك بەئاراستەی خزمەت کردنی ئەم شارەدا بڕوات، شتێکی پیرۆزەو ئەرکی سەرشانی هەموو خەم خۆرێکیشە.

بەڵام بەر لەهەموو شتێك دەبێت بزانین ئالییەتو میکانیزمی داواکارێکانمان بەچ ڕێگەیەكو چۆندەبێت، ئەوەی چاوەڕواندەکرا نەبو، دوای ئەوەی چەند بەیاننامەیەك بڵاو کرایەوە لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری ڕێپێوان، کەهۆکاری ئەنجام نەدانەکەیان گەڕاندەوە بۆدەست تێوەردانی چەند لایەنێكو بونی دەستێك لەنێویاندا، وەك باسدەکرا لەنێوکۆبونەوەی ڕێکخراوەکانیشدا بەپرسو ئاراستەی حزب کاریان کردووەو ویستویانە بەهەر ڕێگەیەکە نەیەڵن ئەو مەسەلەیە باسبکرێت، گەرکراش سونمەند بوی یەکەم ئەو ڕێکخراوانە بێت کەلەحزبەوە نزیکن، ئەوەی لەم هەوڵەدا حسابی بۆنەکراوە، نەگەڕانەوەیانبو بۆئەو ڕاستییەی کەئێمە وەكو خەڵکی چەمچەماڵ بەگشتی لەدەرەوەی خۆمان بەیەك چاو سەیرمان دەکرێتو هیچ جیاوازییەکمان نییە، گرنگ نییە سەر بەکێیتو بیر کردنەوت چۆنە، " تۆ چەمچەماڵیت" بەڵام لێرە ئاراستەکە پێچەوانەیە، ململانێ حزبییەکان لەنێو خۆماندا تائەو ئاستە ڕۆیشتووە کەوا هەرکارێك من خۆم پێم نەکرێت حەزیشم بەوەنییە کەوا کەسیتر پێی هەڵسێت، زۆرێك وادەزانێت کە بەرپرسانی هەردو حزبی باڵادەست لێرە بەرپرسن لەم دواکەوتووییە. بۆیە هەمیشە حەقەکانی خۆمان لەچاوی ئەواندا ببینییەوەتەوەو واتێگەیشتوین کەلێمانیان داگیر کردووە.

بێ ئاگالەوەی لەسەرووی ئەوانیشەوە خەڵکێکی ترهەیە بەرپرسە لەبەپەراوێز خستنی ئەم شارە، چوونکە تائێستاش ڕەنگە هەندێکیان وەكو پێویست حسابێکی ئەوتۆیان بۆنەکرابێت وەکو بۆشارەکانی ترکراوە، ئەو بارەگایانەشی کەهەیانە شتێکی ڕەمزی بێتو بەڕەسمی نەناسرابێت، ئێمە گەر دەمانەوێت حەقمان پێ بدرێت، جارێ باواز لەوململانێ حزبییە بێنین کەتا بینا قاقامان هاتووەو وای لێکردوین کەبەم ڕۆژەبگەینو هەموو یەك دەنگبین لەسەر ئەوەی کەپێویستە چیتر بێدەنك نەبین لەم بەپەراوێز خستنەمان. بەرپرسانی حزبیو حکومی لێرە واهەست نەکەن ئەوەی ووتی مافم کوا؟ ئەوان بڵێن دژ بەئێمە قسەی کردووەو هەڵوێستی هەبووە، وەهەروەها کەخزبو حکومەتیش وەك پێویست خزمەت ناکەن وەکو وتم باهەڵە تێنەگەین چوونکە واهەست دەکرێت لەپشتی ئەوانەوە خەڵکیتر ڕەنگە بەرپرسی ئەو هەموو زوڵمەبێت کەخۆمان دەیبینین، ئەوەی کەزۆر ڕوونەو دیارە مەسەلەی خوێندنو خوێندکارانو قوتابیانی ئەم شارەیە.

لەشوێنێکی وەکو شاری(کۆیە) تەنیا یەك قوتابیان لە پەیمانگا دەوام دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا خواپێداوە لەزانکۆکەی خۆشیان دەوامێکیتری هەیە.

بۆخۆتان هەمو لایەك ئەو ڕاستییەتان لێوە دیارە کەخوێندکارێکی ئەم چەمچەماڵە بەدەرەجەیەکی زۆر بەرزەوە لەکۆلێژێکی زۆر نزم .. یا پەیمانگا وەرگیراوە، لەهەمانکاتدا ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەگەڵ شارەکانی تردا کەهەیە، خوێندکاریان بەدەرەجەیەکی زۆر نزمەوە لەکۆلێژێی بەرز وەرگیراوە تەنیا لەبەر ئەوەی شارەکەی خاوەنی هەیەو ئەمیش کوڕی ئەو شارەیە.

بە تەحەداوە دەڵێم: کەوا ئەم شارە(چەمچەماڵ) قوتابیو مامۆستاو ڕۆشنبیرەکانی گەر لەشارەکانیتر زیاتر نەبن، ئەوە کەمترنین.. بەڵام هەمو شایەدی ئەو ڕاستییەن کەوا کەمترین کات بووە دوای ئەوەی وەکو دەڵێن کە پێگەیشتن لەم شارەدا بمێننەوە، چونکە شوێنێك نییە خزمەتی تیابکەن، کەسێکیش نییە دەستیان بگرێت.

ڕەنگە سەرچاوەی دروست بونی ئیشکالەکان لەوێوە دەست پێبکات کەمتمانەمان بەخۆمانو خەڵکی خۆمان نەبێت، دەنا بۆتائێستا بەم شێوەیە بووە کەهیچ کەسێك ڕازیینیە لەم واقیعەی (لەچەمچەماڵ)دابونی هەیە.

ئەو ڕاستییەش کەپێویست بەدووبارە باسکردنەوی ناکات، کە هەمیشە هەوڵدراوە ئێمە لەپەراوێزدابین، بۆتائێستا لەهیچ ڤیستیڤاڵێکی لاوانو ڕۆشنبیرییانەی کەساڵانە ئەنجام دەدرێت نەمان بیست چەمچەماڵییەك خەڵات وەربگرێت .. یاهەر ڕێی بەژداریشی پێبدەن. خۆ هەمو دەزانین ئەو ڕۆشنبیرانەی کەلێرە دروست بون هیچیان کەمتر نییە گەر زیاتر نەبێت لە هی شارەکانیتر. یا بۆتائێستا خەڵکێکی ئێمە لە هیچێ لەحزبەکاندا نەگەیشتە ئاستێکی وا کە شتێکی وای بەدەست بێت بتوانێت بۆ ئەم شارە بەکاری بێنێت. لەکاتێکدا لەسەردەمی شاخو تێکۆشاندا ئەوەی کەزۆر دیاربووەو قوربانی داوە گەرمیانو گەرمیانییەکانی خاوەن(١٨٢٠٠٠) ئەنفالن.. بەڵام ساڵانەش یادێکی وایناکرێتەوە کەئاسودەییەك بەڕوحی کەسو کارەکانیان بەخشێت.

بەڵام تا ئێمە بەم عەقڵییەتەوە ئیش بکەینو ململانێ حزبییەکان بوونیان هەبێت، هەردەبێت ئەمە حاڵمانبێت، کەپرۆژەیەك دەست پێدەکات دەبێ بەر لەهەموو شت بزانین حزبەکەمان چەندێ قازانجی لێدەکات نەك شارەکەمان.. گەر کاربەدەستان خۆیان بەدڵسۆز دەزانن باهەمو دەنگو ڕەنگە جیاکان لەخۆیان کۆبکەنەوەو بۆخزمەتکردنی ئەم شارە بەکاریان بێنێت، وەبەهەمان شێوە ئەو کەسەشی دەیەوێت بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان خزمەتێك بکات، خۆی لەدژایەتی ئەواندا نەبینێتەوە، چونکە هەمو ئەم شارە حزبی نین، ئەوەشی کەزەرەر مەندە تەنها ئەو کەسانەن بەدەرەجەی یەکەم کەدورن لە هەردو حزبی دەسەڵاتدارەوە، دەکەواتە باهەوڵی ئەوەبدەین ئێمە ببینە ئەو چرایەی کەئەوان لەشەوە زەنگێکی ئەنگوستە چاودا بمانگرن بەدەستیانەوە ئەویش بەوەدەبێت شارەکەمان خۆشبوێتو لەپێش حزبایەتییەوە داینێین.

shwani85@maktoob.com

وەڵامێك بۆ نووسەرەکەی کۆشکی کۆماری

(کێ دەتوانێ بچێتە ناو کۆشکی کۆمارییەوە). ناونیشانی بابەتێکی تەنز ئامێزە کەڕۆژنامەی ئازیزو هێژای(چەچمەماڵ) لەژمارە(٤)یدا لەسەر پەیمانگای مامۆستایانی چەمچەماڵ بڵاوی کردۆتەوە.

من بەش بەحاڵی خۆم نووسەری بابەتەکە ناناسم و نازانم ئایا هەرهەمان ئەو بەڕێزەیە، کە ساڵی پار بەجل و بەرگی پۆلیسەوە خۆیکرد بەپەیمانگاداو بە بەرچاوی هەموو خوێندکارانی پەیمانگاوەو بەشێوازێکی ئێجگار ناشرین و دوور لەڕەوشی شارستانییەوە یەخەی بەیەکێك لەخوێندکارە کچەکانی پەیمانگا گرت.

یائەو کەسەیە کەبەدەمانچەوە هاتە ناو حەرەمی پەیمانگاوەو لوولەی دەمانچەکەی لەکەلەی سەری خوێند کارێکی کچی پەیمکانگاکە توند کردوو هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کەئەگەر نەکەوێتە تەکی و لەگەڵیدا نەچێتە دەرەوە دەیکوو ژێت.

یا بڵێی هەمان ئەوکەسە نەبێت، لەبەرامبەر ئەوەی کەڕێی پێنە دراوە بچێتە ناوحەرەمی پەیمانگاوە، ماوەیەکە کەوتۆتە دژایەتی کردنی پەیمانگای مامۆستایان و لەتاریکی شەواندا دیوارەکانی دەرەوەی پەیمانگا بەووتەی ناشرین و نووسینی وەك و ئەم نووسینە بێمانایە پیس دەکات.

یاوەکو ئەوەی بەنووسینەکەیدادیارەو دڵنیایە لەوەی کەدەڤەری چەچمەماڵ و پەیمانگای مامۆستایانی (چەچمەماڵ) لای تەقینەوە چییەکان لەکولەکەی تەڕیشدا بوونی نییە.

دەبێت ئەندام بێت لەیەکێك لەگروپە تەکفیریو زەرقاوییەکان، دەنا ئەوەی دەزانی نەك لەژێر پەردەی باجی خوێندکاری زانکۆدا، بەڵکو لەژێر جبەو عەمامەی مەلاشدا تیرۆریستەکان کاری تیرۆریستی خۆیان بەئەنجام دەگەیەنن. نووسەر ڕەنگە حەرەمی پەیمانگا وەکو دیوەخانی (کوێخایەك) تەماشابکات و وای ببینێت کەهەموو کەس مافی ئەوەی هەیەشانی تێدا دابدات، ئەگینا لەپاڵ ئەوەی کەهاوڕێکانی لەوانەو ئەرکەکانیان دوابخات و لە(محازە) کانیان بێبەشیان بکات و ئەرکی قورسیش بخاتە ئەستۆیان، بەوەی کەتا ئەوەندەی کەجەنابی میوانە لەلایان خزمەتی بکەن و داوەتی بۆساز بکەن، دەچو لەماڵ یالەگەڕەك و شوێنە گشتییەکاندا سەردانی دەکردن. تۆ بڵێی سنووری چەمچەماڵ ئەوندە فراوانبێت، کەپاش چەند ساڵ لەپێکەوە خوێند لەقۆناغی ئامادەیدا (کاکە) ماڵی ئەو هاوڕێیانەی شارەزانەبوبێت، یابەینی خۆمانبێت ئەم سەردانەیان تایبەتی بووە!!ماوەتەوە بڵێین کەئێمە حەرەمی پەمانگاکەمان نەك لەکۆشکەکانی(صدام)ی دیکتاتۆر بەڵکو لەکۆشکی هەموو پادشاو سەرۆکەکانی دونیا لەلا گەورەترو مووقەدەسترە. خۆزگە ڕۆژنامەی(چەمچەماڵ) یش پێش ئەوەی بەووتاری ئاوا بێمانا باڵاترین دەزگای زانستی شارەکەمان تاوانبار بکات، بهاتایە ڕیپۆرتاژێکی لەسەر جمووجووڵە زانستیو ئەکادیمیەکانی پەیمانگا ئەنجام بدایە، ئەو پەیمانگایەی کەچەندین ساڵە بەپێگەیاندنی مامۆستای شارەزاو هۆشیار مناڵە بێنازەکانی ئەم دەڤەرە وێرانەیە فێری ئەوە دەکات کە چۆن ڕەش و سپی لێکجیا بکەنەوە، تا لەپاشە ڕۆژدا سەرەداوەکانی دوا کەوتەیی خەڵکانی ناوچەکەیان بدۆزنەوەو وەکو باقی ناوچەکانی تری دونیا پێشی بخەن. کەبێگومان ئەگەر ڕۆژنامەی ئازیزو هێژای(چەمچەماڵ) بەکارێکی بەوجۆرە هەڵبستایەو لەنزیکەو لەسیستەمی هاتوو چۆوسەردانی کردن بۆناوپەیمانگا ئاگادار ببوایە، ئەوسا بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا کەبابەتێکی لەو شێوەیە لەسەر پەڕەکانی جێگەیان ببێتەوە، چوونکە ئەوەی لەلا ڕوون دەبو کەووتەکانی نووسەر چەند لەڕاستیەوە دوورن و دەیبینی کەلەپرسگەی پەیمانگادا، هەر بەژمارە چەندین باجی تایبەت دروستکراوە بۆ ڕێگەدان بەسەردانی ئەوکەسانەی کەبۆمەبەستی زانستیو ئەکادیمی، یابۆکاری زەرورو پێویست، نەك بۆ جەو گۆڕین سەردانی پەیمانگاکەمان دەکەن، ئەوسا تێدەگەیشت لەسنورێکی وەکو ئەم سنوورەی خۆماندا، کەهێشتا بەئەزموونی زانکۆو پەیمانگا نامۆیە، لەهەندێ کاتدا چەندەپێویستە بەرپرسەکانی بەوریاییەوە مامەڵە بکەن لەگەڵ هەموو کارو بارێکیدا بەچاودێری کردنی کارو باری سەردانی کردنیشسەوە.

ڕاگەیاندنی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستنایانی چەمچەماڵ.